سەماحەتی حەکیم دووپات دەکاتەوە کە گرنگە دیمەشق ڕۆڵی خۆی لەناوچەکە و لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی وەربگرێتەوە

ammaralhakeem.com

لەڕۆژی 6-4-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە دیمەشقی پایتەختی سووریا چاوی بە ڕێزدار دکتۆر بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا کەوت، دوای ئاڵوگۆر کردنی پیرۆزبایی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، سەماحەتی حەکیم خەمباری خۆی پرسەی خۆی بە گەلی سووریا دووپات کردەوە بەهۆی قوربانیانی بوومەلەرزەکەی ئەم دواییە بەشێکی ئەو ولاتەی گرتەوە.

هەروەها هەردوو لایەن بۆچوونیان ئاڵگۆڕ کرد سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکانی عیراق و ناوچەکەو و هەروەها باسی پەیوەندی نێوان بەغدا و دیمەشق لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و ئەمنی کرا.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە گرنگە دیمەشق ڕۆڵی خۆی لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی وەربگرێتەوە و گوتیشی سەقامگیری لە سووریا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری باشی لەسەر سەقام\یری ناوچەکەش دەبێت، هەروەها ستایشی ئەو هەوڵانەی کرد کە بۆ هێورکردنەوەی دۆخی سیاسی ناوچەکە خراوەتە گەڕ.

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە کە بەردەوام بوونی گفتوگۆیەکان باشترین رێگا چارەیە بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێت و گوتیشی مەترسی تیرۆر هەڕەشەیەکە بۆ سەر هەمووان.